# هەڵکشانی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران بە زەنگێکی مەترسیدار لە قەڵەم دەدرێت

**بەپێی دوایین ئاماری ئەنجومەنی دادوەری، بەراورد بە ساڵانی رابردوو ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران لە هەڵکشاندایە و تەنیا لە ٩ مانگی ٢٠١٩دا لە هەرێمی کوردستان ٨٣٨١ حاڵەتی جیابوونەوە تۆمارکراون، لە کاتێکدا ساڵی پار لەماوەی ١٢ مانگدا ٩١٩٢ حاڵەتی جیابوونەوەی هاوسەران تۆمار کراوە. ئەوە سەرباری جیابوونەوەی هاوسەران لە دەرەوەی دادگا و ئەو جیابوونەوەی هاوسەران کە تۆمار نەکراون. ئەوەش بە زەنگێکی مەترسیدار هەژمار دەکرێت، کە هەڕەشە لە شیرازەی خێزانی دەکات. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان راو سەرنجی خۆیان لەو بارەیەوە دەخەنەڕوو.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

مەحموود عەبدولکەریم باجەڵان، سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «هەڵکشانی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئامانجی راستەقینەو لێکتێنەگەیشتن لە هاوسەرگیری، کە خۆی لەخۆیدا هاوسەرگیری پرۆسەیەکی بنیادنانە بۆ ئامانجی دروستکردنی ژیان و هاوبەشی لە شیرینی و تاڵییەکانی ژیان و پێکەوە هەماهەنگیکردن بۆ خستنەوەی نەوە و ژیانێکی پڕ لە کامەرانی لەئێستاو لە ئایندەدا.» هاوکات دەڵێت: «بەداخەوە کۆمەڵێك حەزی کاتی و بیرکردنەوە لەهاوسەرگیری تەنیا لەرووی سێکسی و تێنەگەیشتن لەواقیعی ژیان و بەهاکانی وایکردووە، ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران لە هەڵکشاندا بێت و ئەوەش مەترسییەکی گەورەیە کە شیرازەی خێزانی تێکدەدات.» ئەو سەرپەرشتیاری پەروەردەییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «کورتبینی و کەمتەحەمولی ئەوانەی لە تەمەنێکی کەمدا هاوسەرگیری دەکەن، بەتایبەتی کە ئەزموونی ژیان و بەرەنگاربوونەوەی کێشەکانیان نییە، هەروەها بیرکردنەوە لەدەرەوەی خود و کاریگەربوون بەئەستێرەکانی ریکلام و دراماکان و چاوەڕوانکردنی ئەو شێواز و کارانە لەهاوسەر و لەخێزاندا هۆکارێکە بۆ پێڕازینەبوون بەیەکتر و نەخوێندنەوەی یەکتر، وەك ئەوەی کە هەیە، نەك وەك ئەوەی کە خەیاڵی دەکەن، بەهەمان شێوە ماددە و کێشە مادییەکان و پەلەکردن لەدەستڕاگەیشتنیانبەهەمان شێوە، وادەکات ژیانی هاوسەری هەڵبوەشێتەوە و بەیەکدی رەزامەند نەبن.» هەر لەو بارەوە گوتی: «خێزان و جۆری پەوەردەکردنی تاك رۆڵی گەورەی هەیە بۆ راهێنان و پەروردەکردنێکی ساخڵەم بۆ ئایندە، بە پێچەوانەوەسەرقاڵیی خێزان و بێئاگایی لە پەروەردەی رۆڵەکانیان و بێمتمانەیی تاك بەخۆی، زۆر کێشەی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، کە جیابوونەوەی هاوسەرانیش یەکێك لەو کێشانەیە کە زۆر بە قورسی لەسەر تاك دەکەوێت.» گوتیشی: «نەدۆزینەوەی زاتی خود، وادەکات تاك هەمیشە لەدەرەوە بەدوای خۆیدا بگەڕێت و نەتوانێت جوانییەکانی ژیان لەناخیدا بدۆزێتەوە و ئەوانەش هەمیشە لەتەنگژەو بەرەنگاربوونەوەی یەکدیدا دەبن، هەر بۆیەرەنگە زۆر جار هاوسەران جیابوونەوەیان بە ئاسانترین رێگای هەڵبژاردیان بزانن.»

سوعاد لالۆ،چالاکی بواری مافی ئافرەتە سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «پرۆسەی هاوسەرگیری خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی ئاڵۆز و هەستیارە و ئەوانەی دەچنە نێو ئەو پرۆسەیە، دەبێت ئامادەکاریی تەواویان کردبێت و لە بارەی هەستیاریی پرۆسەکە و گۆڕانکارییەکانی ژیان و زیادبوونی بەرپرسیاریەتی هەریەکەیان هۆشیارییان هەبێت، ئاشکراشە هیچ پرۆسەیەکی هاوسەرگیری گەرەنتیی سەدا سەدی بەردەوامبوونی نییە، بەڵام دەکرێت بە وشیارییەکی زانستی و ژیرانە پێگەی ئەو ژیانی هاوسەرییە قایم و مکوڕ

**کۆمەڵێک حەزی کاتی و بیرکردنەوە لەهاوسەرگیری تەنیا لەرووی سێکسی و تێنەگەیشتن لەواقیعی ژیان و بەهاکانی وایکردووە، ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران لە هەڵکشاندا بێت و ئەوەش مەترسییەکی گەورەیە کە شیرازەی خێزانی تێکدەدات**

**نەدۆزینەوەی زاتی خود، وادەکات تاک هەمیشە لەدەرەوە بەدوای خۆیدا بگەڕێت و نەتوانێت جوانییەکانی ژیان لەناخیدا بدۆزێتەوە و ئەوانەش هەمیشە لەتەنگژەو بەرەنگاربوونەوەی یەکدیدا دەبن**



بكرێت، هەربۆیە پێش ئەوەی باس لە هۆكارەكانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران و زیانە یەكجار زۆرەكانی بكەین، پێویستە ئاماژە بەوەش بكەین، چۆن پێكهێنانی ژیانی هاوسەری بابەتێكی ئاسایی و ڕێگەپێدراوە، جیابوونەوەش بەهەمان شێوە، شتێكی ئاسایی و ڕێگەپێدراوە،بەڵام ڕەنگە بەشێكی جیابوونەوەكان بۆ گۆڕانكارییەكانی ڕۆڵی هاوسەران و زیادبوونی هۆشیاریی ئافرەت بگەڕێتەوە، كە چیدیكە ڕازی نەبێت، وەك ڕەگەزی پاشكۆ و كەسێكی ستەملێكراو و ملكەچ درێژە بە ژیانێكی پڕكێشەی هاوسەری بدات. لێرەدا هۆشیاری ڕۆڵێكی سەرەكی لە پێش پرۆسەكە و دوای پرۆسەكەش دەبینێت، هەروەها هۆكارێكی جیابوونەوەی هاوسەران، هاوسەرگیریی پێشوەختە و خۆدانە دەست چارەنووسە،بە بێ پاشخانی هۆشیاری و ئابووری،هەروەها پێشكەوتنی تەكنەلۆجیا و سۆشیال میدیا و دیكۆرگەرایی هۆكارێكی دیكەیە، لایەنی ئابووریش بە هەمان شێوە هۆكارێكە بۆ جیابوونەوە، بە شێوەیەكی گشتی ژیانی هاوسەری پێویستی بە ئەوپەڕی بەرپرسیاریەتی وبوونی ڕۆحی هاوبەشی و سازش و لەخۆبووردن و خۆشەویستی و ڕێزی دوولایەنە و پابەندی بە ئەرك و مافەكان هەیە، بەبێ ڕەچاوكردنی ئەو فاكتەرانە هاوسەرگیرییەكە ئەگەر بەردەوامیش بێت،پركێشە و ناساخلەم دەبێت و لە ئەنجامی پرۆسەیەكی ئەوها هەرگیز خێزانێكی ساخلەم پێكنایەت، كە خێزانیش بناخەی كۆمەڵگەیە.»

پارێزەر كامەران خۆشناو، باسی ئەو كەیسانە دەكات كە وەك پارێزەر لە دادگاكان دەیبینن و كاریان لەسەر كردووە، ئەوانەش بە چەند خاڵ لێك جیا دەكاتەوە:

«١- خراپ بەكارهێنانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بەتایبەت فیسبووك.

٢-بەمێرددانی كچی كەم تەمەن، واتە لە ژێر تەمەنی ٢٠ساڵی كە هێشتا بەتەواوی بەرپرسیارەتی ژیان لێك جیاناكاتەوە.

٣-تەداخول كردنی لایەنی سێیەم(چ دایك و باوكی ئافرەت، چ دایك و باوكی پیاو، یان خوشك و برای لایەك لەهەردووكیان، یان كەسانی دیكەی نزیك.

٤.فریودانی كچ بە ماڵی دونیا،كە زۆر جار ئەگەر ڕێزی لەگەڵ نەبوو، ئەوا هەموو سامانەكەی بەجێ دەهێڵێت.

ئەو پارێزەرە ڕێكارەكانی چارەسەری ئەم كێشە كۆمەڵایەتییە بەمجۆرە دەستنیشان دەكات: «یەكەم: ڕێگری لە هاوسەرگیریی لە تەمەنی مێرمنداڵی و نەوجەوانی. دووەم: ئامۆژگاریی پیاوانی ئایینی و میدیاكان بۆ وشیاریی تەواو لەسەر ژیانی هاوسەری. سێیەم: گرنگیدان بو لایەنی ئابووری، چ وەك تاك و چ وەك ئەركی حكومەت كە یارمەتیی هاوسەرانی كەمداهات بكات، وێڕای ڕەخساندنی دەرفەتی كار بۆ هاوسەران بە هەردوو ڕەگەزەوە.

**هیچ پرۆسەیەكی هاوسەرگیری گەرەنتیی سەدا سەدی بەردەوامبوونی نییە، بەڵام دەكرێت بە وشیارییەكی زانستی و ژیرانە پێگەی ئەو ژیانی هاوسەرییە قایم و مكوڕ بكرێت**

**ژیانی هاوسەری پێویستی بە ئەوپەڕی بەرپرسیاریەتی وبوونی ڕۆحی هاوبەشی و سازش و لەخۆبووردن و خۆشەویستی و ڕێزی دوولایەنە و پابەندی بە ئەرك و مافەكان هەیە**

# تاكگەرایی
# پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لاواز کردووە

**دەگوترێ بەهۆی ئەو کرانەوە بەرفراوانەی لە هەرێمی کوردستان لە رووی زانست و پێشکەوتن و تەکنەلۆژیاوە بەرجەستە بووە، دامەزراوەی خێزان لە ئیستادا لە ژێر فشاریکی قورسدایە، پاڵنەرەکانیش لەسەر بنەما و بەهاکانی خێزان کاریگەری نەرێنییان داناوە، مامۆستایەکی زانکۆش هێما بۆ ئەوە دەکات کە ئەو پەیوەندییە پتەو و راستەوخۆ و بەردەوامەی نێوان ئەندامانی خێزان کە بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە، ئەمڕۆ تەکنەلۆژیای نوێ بە هۆی تۆخکردنەوەی تاکگەرایی و پەلکێشکردنی تاك بۆ گۆشەگیربوون و ئالودەبوون بە یەکێك لە ئامێرە زیرەکەکان ئەو پەیوەندییەی تا رادەیەکی ترسناك لاواز کردووە، جەختیش لەوە دەکرێتەوە کە هەر بە هۆی ئالودەبوونی تاك بە ئامێرە زیرەکەکان، پەیوەندییەکانی خێزانیی خەوشدار بووە و توندوتیژی و تەنانەت لێکترازان و جیابوونەوەی هاوسەرانی زۆرتر کردووە، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە: رێکارەکانی چارەسەر چین و چۆن بە سەر ئەو ئاریشە کۆمەڵایەتییەدا زاڵ بین؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

توێژەر و مامۆستای زانکۆ عەبدولخالق ئیبراهیم، سەبارەت لاوازبوونی پەیوەندییەکانی خێزان دەڵێت: «ئەوەی من هەستی پێ دەکەم لە بارەی خێزان لە کۆمەڵگەی کوردی و فشار و هەڕەشەکانی بەردەمی، رەنگە ئەو فشار و هەڕەشانە زیاتر لەکاتی قەیرانە جۆربەجۆرەکان هەستیان پێ بکرێ کە هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی کەمی رابردوودا زۆرێك لەو قەیرانانەی ئەزموون کرد و پێوەیان گرفتار بوو، ئەوەی بە روونی تێبینیم کرد، وەك توێژەرێك و مامۆستایەکی زانکۆ، ئەو کاریگەرییە زۆرەی قەیرانی دارایی بوو لەسەر شیرازەی خێزانی کوردی و دەرخستنی درز و کەلێن و لاوازییەکانی بەشێك لەو خێزانانە لە بنەڕەتدا لە سەر بنەمایەکی ماددی و نەفعی دروست ببوون، لەگەڵ ئەو دۆخە ئابوورییە سەختەی لە ٢٠١٤ هاتەپێشمان شیرازەی کۆمەڵایەتی نێو خێزانەکانی خستە ژێر هەڕەشە و لەو ماوەیەدا رێژەی جیابوونەوەی هاوسەران و کێشە خێزانییەکان و توندوتیژی خێزانی بەرز بۆوە. « سەبارەت بە ئالودەبوونی تاك بە ئامێرە زیرەکەکان و گرفتەکانی خێزانیش لەو بوارەدا دەڵێت: «بەشێکی گەورەی گرفتاربوونی خێزان پەیوەستە بە کاریگەریی نەرێنی ئامرازەکانی راگەیاندن و راگەیاندنی نوێ لەسەر بنەما و بەهاکانی خێزان، یەکێك لەو بنەما سەرەکییانەی خێزانی لەسەر دروست دەبێت، ئەو پەیوەندییە پتەو و راستەوخۆ و بەردەوامەی نێوان ئەندامانی خێزانە کە بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ تەکنەلۆژیای نوێ بەهۆی تۆخکردنەوەی تاکگەرایی و پەلکێشکردنی تاك بۆ گۆشەگیربوون و ئالودەبوون بە یەکێك لە ئامێرە زیرەکەکان، ئەو پەیوەندییەی تارادەیەکی ترسناك و لاوازکردووە و لە هەندێك لە خێزانەکاندا وای لێ هاتووە کە تەنیا چوار دیواریی خانووەکە کۆیان بکاتەوە، نەك رۆحی ئەو پەیوەندییەی لەنێوانیاندا هەیە، لاوازیی ئاستی رۆشنبیری و دنیابینیی تەسکی هەندێك لە باوان هەڕەشەیەکی دیکەیە لە سەر شیرازەی خێزان و لە هۆکارەکانی زیادبوونی ئەو کێشەکانی خێزانییە، بەو پێیەی باوان بەرپرسی یەکەمە لە دیاریکردنی ئەولەوییەتی خێزان و پەروەردەکردنی منداڵەکان و لە ئەستۆگرتن و دابەشکردنی بەرپرسیاریەتییەکان و رەخساندنی دەرفەتی گەشەکردن بۆیان و قایمکردنی ئەو شورایەی خۆیان و منداڵەکانیان دەپارێزێت، لەو بیر و بەها رووخێنەرانەی لە هەموو سوچ و قوژبنێکەوە دێنە نێو خێزانەوە، لەبەر ئەوە بوونی دایك و باوکێکی هۆشیار کە هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن، کۆڵەگەیەکی گرنگی سەقامگیریی خێزان و مانەوەیەتی بە تەندروستی.»

رائیدی مافپەروەر فلامینا وەحید، باسی ئەوە دەکات کە «خێزان لە پرۆسەیەکی سەرکەتوو، دوو تاك پێکەوە کۆ دەکاتەوە، بەڵام لە پرۆسەیەکی ناسەرکەوتوو دەرگای چارەسەر بەسەر دوو تاکدا دادەخات، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی هۆکاری سەرەکیی سەرجەمی کێشەکان ناڕوونیی زۆر بابەتە لە ناویانەوە کە لە رووکەشدا جۆرێکن و لەناخدا جۆرێکی تەواو پێچەوانەن، لێرەوە گرێ کوێرەکان دروست دەبن. « هاوکات دەڵێت: «ناڕاستی لە دەربڕینی شتە واقیعییەکانە ئەو گرفتە

**بوونی دایک و باوکێکی هۆشیار کە هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن، کۆڵەگەیەکی گرنگی سەقامگیریی خێزان و مانەوەیەتی بە تەندروستی**

**یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان ئەوەیە کە منداڵ فێری هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی ناکەین و لەو بوارە زۆر کەم ئەزموونین**



بە دوای خۆیدا دێنێت کە چارەسەرکردنی ئەستەم بێت، ئەوەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، یەکەم: ئافرەت بە شێوەیەك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت کە هەمیشە خۆی پێ کەم دەبێت و تاوانەکان دەخاتە ئەستۆی خۆی، یانیش چاوپۆشی لە هەڵەکانی بەرامبەرەکەی دەکات کە هاوسەرە، لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا و دوای دروستکردنی ژیانی هاوبەش ئیدی پێویست بە نمایش ناکات و کەسایەتیی راستەقینە دەبێتە هەوێنی ژیانیان، ئەوەش وا دەکات هەندێك جار ناکۆکی باڵ بەسەر خێزانەکەیاندا بکێشێت، چارەسەری ئەوەش تەنیا راستگۆیی و یەکترباشکردن و هەوڵدان بۆ چاککردنی هەڵەکان و بوونی دڵسۆزی و مەزەندەیەکی باشی بەرگەگرتنی یەکترە. « گوتیشی: «یەکێك لە کێشە سەرەکییەکان ئەوەیە کە منداڵ فێری هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی ناکەین و لەو بوارە زۆر کەم ئەزموونین، ناڵێم کار بە منداڵ بکرێت، بەڵام بەپێی تەمەن و قۆناغ شێوازی زانستی هەیە بۆ ئەوەی کەسایەتیی منداڵ بەهێز بێت، ئەگینا کە گەورە دەبێت لە کەمترین بەرپرسیاریەتی شکست دەهێنێت.»

بڵند نەورەس مامۆستای زانکۆیە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە «خێزان گرنگترین دامەزراوەی کۆمەڵگەیە و لە تەماشاکردنی خێزانەکانەوە دەتوانین شێوەی گشتی کۆمەڵگە ببینین بە دیوە کۆمەڵایەتییەکەیدا. خێزان ئەگەر لەسەر بنەمای ئارەزوومەندی لە نێوان ژن و پیاودا دانەمەزرا، بێگومان لە ساتێکدا رووبەڕووی ناتێگەیشتن دەبێتەوە، پەرەسەندنی ناتێگەیشتنەکان باڵ دەکێشێت بۆ کێشە و دواجار جیابوونەوە. سەرەڕای ئەم فۆڕمە باوە بۆ خێزان چەندین فۆڕمی دیکە هەیە کە کاریگەری لەسەر رەوتی ژیانی خێزانەکان دروست دەکات. بواری ئابووری گرنگترین فاکتەرە کە بە هۆیەوە شیرازەی خێزانەکان تێکدەدات چ لە کاتی هەژاریی داراییدا چ لە کاتی دەوڵەمەندیی زۆردا. چونکە خێزان لە هەموو روویەکەوە وەك هەر دامەزراوەیەکی دی پێویستی بە هاوسەنگی و بەرنامەی بەڕێوەبردن هەیە، کاتێك ناهاوسەنگی رووی دا، ئەوکاتە مەترسی دروست دەبێت. خاڵێکی دیکە زۆربوونی پێویستییە سەردەمییەکانە کە وا لە تاك دەکات هەڵپەی بۆ بکات تا لە کۆمەڵگە دوانەکەوێت، ئەمەش وا دەکات کە فشار دروست ببێت لەسەر خێزانەکان و لە زۆر کاتدا رەنگە خێزانەکە کاریان بەو پێویستییە سەردەمییانە نەبێت، یان بتوانن بە ئاستێکی کەمتر کارەکانیانی پێ رایی بکەن، بەڵام نەبوونی تێگەیشتن و هوشیاری خێزان دەباتەوە بۆ کێشە و ناکۆکی. هۆکاری دیکەش زۆرن کە وا دەکات خێزان لەیەك بترازێت و شیرازەی بشێوێت. بەڵام هەم هۆکار و هەم چارەسەر بڕوابەخۆبوونی ئەندامانی خێزانە لە ناو یەکتردا. بەبێ بوونی بڕواو قەناعەت و تێگەیشتن هەرگیز خێزانی بەختەوەر نایەتە بوون. هەر خێزانێك خۆی ناسی لە هەموو رووەکانەوەو بەو پێیە مامەڵەی کرد، تووشی کەمترین کێشە دەبێتەوە. کەواتە ئەم بابەتە پەیوەستە بە ستایلی ژیانی خێزانەکانەوە کە ئایا هەر تاکێك لە ناو هەر خێزانێکدا تا چەند ژینگەیەکی دروستی فەراهەم کردووە بۆ خێزانەکەی و تا چەند دەتوانن وەك دامەزراوەیەك کێشەکان وەلاوە بنێن و هەنگاو بەرەو سەرکەوتن بنێن.»

**خێزان لە هەموو روویەکەوە وەک هەر دامەزراوەیەکی دی پێویستی بە هاوسەنگی و بەرنامەی بەڕێوەبردن هەیە، کاتێک ناهاوسەنگی رووی دا، ئەوکاتە مەترسی دروست دەبێت**

**بەشێکی گەورەی گرفتاربوونی خێزان پەیوەستە بە کاریگەریی نەرێنی ئامرازەکانی راگەیاندن و راگەیاندنی نوێ لەسەر بنەما و بەهاکانی خێزان**